
# ئەنفال

# قۆناغێکە لە پراکتیك کردنی جینۆساید

د. مارف عومەر گوڵ

کۆلێژی یاسا/ زانکۆی سلێمانی




بۆ دیاری کردنی سیاسەتی جینۆساید کە رژێمی عیراق لە دژی گەلی کورد پیادەی دەکات، دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سالأنێکی پێشترو رووداوو سەرچاوەو بەلگەی تاوانەکان بخوێنینەوەو خەسلەتی یاساییان دیاری بکەین، بەلأم ئەو تاوانانەی لە بەهاری ساڵی (١٩٩٨)ەوە لە چوارچێوەی زنجیرە هێرشی ئەنفالەکاندا ئەنجام دراون، بە تەواوەتی مەبەستی ئەوە بە دەستەوە دەدەن کە بتوانین بە راشکاویی بڵێین جینۆساید پراکتیك کراوە.رەفتاری رژێمی عیراق تا ئەم سەردەمەش گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە لە ئاستی گەلی کورددا .

ئەگەر نمونە لە قۆناغەکانی پێش ئەنفال باس بکەین کە مەبەستی پێش ئەنفال باس بکەین کە مەبەستی رژێمی عیراق لە کوردستاندا نەهێشتنی کورد بووە، دەتوانین سیاسەتی بە عەرەب کردنی کوردستان و راگواستنی کورد بە دیارترین سیاسەتی رژێم دابنێین.

د. نوری تالەبانی باس لە بە عەرب کردنی شاری کەرکوك و دەوروبەری دەکات، بە تایبەتیش تێکدانی پێکهاتەی نەتەوەیی شاری کەرکوك، بە گوێرەی سەرژمێری (١٩٥٧) :

- ژمارەی کورد   ٣، ٨ ٤ ٪ بووە.
- ژمارەی عەرەب ٢، ٨ ٢ ٪ بووە.
- ژمارەی تورکمان ٤، ١ ٢ ٪ بووە.

بەلأم لە سەرژمێری ساڵی(١٩٧٧)دا :

- کورد بووە بە  ٥٣، ٣٧ ٪.
- عەرەب بووە بە ٤١، ٤٤ ٪.
- تورکمان بووە بە ٣١، ١٦ ٪ [١] .

دیارە بە گوێرەی زانست کەم بوونەوەی دانیشتوان بەو ئەندازەیە رەوتێکی ئاسایی نیەو هۆی دەرەکی هەیە،چونکە زیاد کردنی رێژەی دانیشتوان لە هەر ناوچەیەکدا دیارو لە بەر چاوە لە هەل و مەرجی ئاساییدا. ئەمەنیشانەیەکی دیارو بەلگەیەکی زەقە دەربارەی سیاسەتی رژێمی عێراق لە پێش ئەنفالدا بۆ کەم کردنەوەی  ژمارەی کوردو تورکمان لە شوێنە گرنگ وستراتیژەکان.

یەکێك لە بەڵگەنامەکانی رژێمی عیراق لە ساڵی (١٩٨٥ )دا شایەتێکی دیارە کە چۆن رژێم هەوڵی داوە ئاژاوە لە ناو خەڵکی کەردستاندا دروست بکات وئیزیدییەکان لە کورد دابڕێت [٢] ئەمەش دەقی بەڵگەنامەکەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم

سري وشخصي
منظومة استخبارات المنطقة الشمالية
العدد/ش٣ /ق١٦٠٣/٤
التاريخ ٢١ ت١ ١٩٨٥

الى/مديرية الاستخبارات العامة(ش٣)
الموظوع/دراسة

كتابكم السري والشخصي ١٨٨٨٧ في ٢٨ ايلول ٨٥ .
طيا دراسة عن الصيغ العملية لتشكيلات المقاتلين من الطائفة اليزيدية حسب طلبكم.
يرجى التفضل بالاطلاع
المرفقات
دراسة

التوقيع
ع. المقدم الركن
مدير منظومة استخبارات المنطقة الشمالية
نوري ١٠/٢٠
المفارز الخاصة:

تعتبر المفارز الخاصة خير صيغة عملية لتشكيلات المقاتلين من الطائفة اليزيدية على ان لا يزيد ملاك المفرزة الواحدة عن(٥٠) خمسون مقاتل وهناك عدة اسباب تعطي هذه الافضلية.
اولا:سهولة السيطرة على المفارز الخاصة وذلك لقلة موجودها ووحدة توجيهها.
ثانيا:نجاح المفارز الخاصة التي شكلت فى قاطع سنجار والتي برزت فىمطاردة وضرب المخربين فى القاطع.
ثالثا:تغطية القاطع بالمعلومات خاصة عن الطائفة نفسها.
رابعا:شروط قبول المقاتل في المفارز الخاصة تمكننامن انتقاء العناصر الجيدة والقادرة على القتال وبشكل اخرتعنى النوعية لا الكمية.
خامسا:تفتيت مراكزالقوى والنفوذ بينزعماء الطائفة اليزيدية والتي تعتبر ولاء ابناءها على اساس طائفي وعنصري.
سادسا:تغذية الشعور القومي العربي بين ابناء تلك الطائفة.

سەرنج بدەن، خاڵی شەشەمی ئەم بەڵگەنامەیە باس لە چاندنی هەستینەتەوایەتی عەرەبی دەکاتلە ناو ئیزیدیەکاندا بۆ ئەوەی وەکو عەرەب رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت، لە لایەکی دیکەوە دەیانکاتەوە بە گژ کورد خۆیدا! ئەم بەڵگەنامەیەیەکێکە لە سەدان نمونەی رەسمی رژێمی عیراق کە سیاسەتی خۆی بە کورد جێ بەجێ دەکات و هەر لە دژی گەلی کورد خۆی، ئەم سیستەمی جاشایەتیەش کە رژێم هەر لە کۆنەوە پیادەی کردوە لە دوو لاوە سیاسەتی رژێمی پێ جێ بەجێ کراوە.

نمونەیەکی تری سیاسەتی رژێم لە پێش ئەنفالەکاندا، دەبینین بە گوێرەی بریاری ( ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ) لە عیراقدا، ژمارە( ١٢٠٣ ) لە ١٩٨٣/١١/٥ دا،ئەنجومەن بریاری داوە کە دادگاکان وپۆلیسخانەکان، هیچ شکاتنامەیەك وەرنەگرن کە هاووڵاتیان لە دژی ئەو مەفرەزەو دەستانەی کە تایبەت پێکهێنراون بۆ بە دوادا چوونی راکردوان و پاشکەوتووانی سەربازی و تەنانەت ئەگەر خەڵکیشیان کوشتبێت، هەروەها بە گوێرەی هەمان بریار سەرجەم ئەو داوایانەی دژی هەر یەکێك لەو مەفرەزانە دراونەتە دادگاکان، سەرجەمیان دادەخرێن و لێیان ناپرسنەوە[٣]

ئاشکرایە کە ئەو مەفرەزانە لەلایەن دەزگاکانی ئەمن و موخابەراتەوە پێکدەهێنران. ئەمەش زۆر بەتەواویی رێگە خۆش دەکات بۆ تاوان و تاوانکاریی بە هەر جۆرێك بێت، دزی، ئازاردان، کوشتن، دەستدرێژی کردنە سەر ناموسی هاووڵاتیان و ... هتد کەمەترسییەکەی لەوەدایە دەستەی تایبەت وچەکدار دەسەڵاتی تەواویان دەبێت، تەنانەت لە دروست کردنی بوختان، گێچەڵ و تۆمەت پێکردنی نارەوادا. ئەم سیاسەتە ئەنجامێکی خراپی دروست کردو کارێکی زۆر ئاڵۆزو مەترسیداری هەبوو لەسەر دانیشتوان.

ئەمەش چەند نمونەیەك بوو لە سیاسەتی رژێم لە پێش ئەنفالەکاندا کە ئەوکاتەس هەر بەردەوامی هەبوو، بگرە بە شێوەیەکی فراوانتر ئەو سیاسەتەی پیادە دەکرد.

زنجیرە هێرشی ئەنفالەکان، پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابوو واتە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی دیاری کراودا بە شێوەیەکی سیستماتیك تاوانەکان ئەنجام دەدران، ئەمەش جینۆساید لە تاوانی دیکە جیا دەکاتەوە. مەبەستی فەوتاندنێکی سەراپا گیریی هەبووە، ئیتر ئەو فەوتاندنە بە چەند جۆرێك ئەنجام دراوە:

١. بە شێوەی نەهێشتنی فیزیکی، واتە سەپاندنی مەرگ بە هەر جۆرێك بێت.

٢. بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی و فسفۆری جگە لەوەی دەبێتە هۆی کۆمەڵکوژی مرۆڤ،دەبێتە هۆی قڕ کردنی ئاژەڵ وباڵندەو ژەهراوی کردنی ئاووهەواو کەرەسەکانی ژیان.

٣. وێران کردنی ناوچەکانی کوردستان، دێهات و شارۆچکەکان، وێران کردنی باغ و بێستان وسەرجەم سەرچاوەکانی ژیان.

٤. راگواستن: لە دوایدیل کردن ودەست بە سەرکردنی خەڵکەکەو پاشتر بەکۆمەڵ کوشتنیان.

٥. وێرا کردن وراگواستن دەبنە هۆی هەڵتەکاندنی ستروکتوری ئاسایی ژیانی خەڵکی کوردستان. بنەمای ئابوری وێران دەبێت وپێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان تێکدەچن، بەمەش شێوەی کولتوری ژیانی مرۆڤ دەشێوێت وئەو داب ونەریتەی جاران گۆڕانی بە سەردا دێت و بەرەو فەوتان دەچێت.

٦. تالآن کردنی ماڵ و سامانی خەڵکەکە.

٧. لە ئەنجامە ئەو کارانەوە بارو زروفێکی نائاسایی دروست دەبێت.بە تایبەتیش دەبێتە هۆی شێواندنی باری سایکۆلۆژی خەڵك وتێکدانی بیرو هۆش.

لە هێرشی ئەنفالەکاندا مەبەست خەڵکی بێ چەکی دێهات نشین بوون، ئەگەرچی هێزەکانیبزوتنەوەی چەکداری لە ناوچەکانی هێرشەکاندا بوونیان هەبوو، بەڵام بارەگای سەرەکی و سەرکردایەتی هێزەکان جێگاکانیان دیار بوو، هێرشی رژێمی عیراق سەرجەم ناوچەکانی گرتەوە، بە فراوانیش دێهات و خەڵکی بێ چەك ( سیڤیل ) بەرکەوتن.

کەواتە مەبەستەکە تێکەڵ کردنی هێزە چەکدارەکان وخەڵکی دێهاتەکانە بۆ سەرجەم فەوتاندنیان. علی حەسەن مەجید کە دەسەڵاتی لە سەرکردایەتی رژێمەوە پێدرا بوو بۆ جێ بە جێ کردنی سیلسەتی حکومەت، لە ١٩٨٨/٤/١٥ لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانیدا دەڵێت (( هاوینی داهاتوو هیچ دێهات لێرەو لەوێ نامێنێنن .. لە ئێستاوە ئاردو شەکرو نەوت وئاوو کارەبا لەو گوندانە دەبڕم.. ناوچەیەکی گەورە قەدەغە دەکەم )) [٤].

ئەم قسانە هیچ جیاوازییەك ناهێڵێتەوە لە نێوان دێهات نشین و هێزەکانی بزوتنەوەی کورددا، رێکخراوی میدل ئیست وۆچ (Middle East Watch)[٥] بڕوای وایە کە بە تەواویی دەتوانێت مەبەستی رژێمی ( صدام حسین ) وا دیاری بکات کە مەبەستێتی بەشێکی کورد بە کۆمەڵکوژی بفەوتێنێت.لە هێرشی ئەنفالەکانیشدا بە تایبەت ئەو کارانە ئەنجام دراون چونکەخەڵکەکە کورد بوون [٥] . واتە جیاوازیی نەتەوەیی مەبەستی فەوتاندنەکە دیاری دەکات.

پێش دەسپێکردنی هێرشەکانی ئەنفالەکان، رژێم ناوچەکانی دیاری کردبوو، بە بڕیاری ژمارە (٤٥٧) لە ١٩٨٧/٦/٣٠ دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عیراقدا هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکی کشتوکاڵی لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا هەڵوەشاندەوەو هەموو کەرەسەیەکی کشتوکاڵیش قەدەغە کراوە [٦] کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی ژیانی سەرانسەری دێهاتەکانی کوردستانە. کەواتە،گرنگترین سەرچاوەی ژیان قەدەغە کرا .

بەندی ( ٥٤ ) ی پرۆتۆکۆڵی یەکەمیساڵی ( ١٩٧٧ ) پاشمەندی رێکەوتننامەکانی ژنێڤ ساڵی ( ١٩٤٩ ) دەڵێت (( کە نابێت خەڵکانی سیڤیل برسی بکرێن و وەکو شێوەیەك لە جۆرەکانی شەڕ بە کاربهێنرێن و ئەو کارەیان لەگەڵدا بکرێت،نابێت پەلاماری سەرچاوەکانی ژیان بدرێ و نابێت کەرەسەی خواردەمەنی وناوچە کشتوکاڵی و بەرهەمدارەکان وێران بکرێن [٧] .

هەروەکو خۆ ئامادەکردن بۆ هێرشەکانی ئەنفالەکان . رژێم سەرجەم قوتابخانەو نەخۆشخانەکانی دێهاتەکانی داخست و لە خزمەت و پێویستی بێ بەسیکردن، لە کۆمەڵێك نوسراوی نهێنی و رەسمیدا بڕیاری قەدەغە کردنی ناوچەکان و راکواستنی خەڵکەکە جێگیر کرابوو.

هەندێك لەو بریارانە:

بڕیاری نهێنی حیزبی بەعس ـ لقی زاخۆ ـ

ژمارە: س/ش/٦٦٤ لە ١٤/ ٦/ ١٩٨٧ دا بۆ هەموو ڕێکخراوە حیزبیەکان، کە پشت بە نوسراوی ( مكتب تنظيم الشمال ٢٨ / ٢٦٥٠ لە ١٩٨٧/٦/٣ ) دا دەبەستێت [٨] .

١. نوسراوی فەیلەقی یەك / س ف/ ١٧٢٥ لە ٢١/٦/ ١٩٨٧ دا کە پشت بە نامەی ــ قيادة مكتب تنظيم الشمال ـ س ف / ٤٠٠٨ لە ١٩٨٧/٦/٢٠ دا دابەستێت [٩] .
٢. نوسراوی ــ قيادة مكتب تنظيم الشمال ـ ٢٨ / ٤٠٠٨ لە ١٩٨٧/٦/٢٠ دا بۆ سەرکردایەتی فەیلەقی یەك، دوو و پێنج. بە ئیمزای علی حسن مەجیدەوە لێپرسراوی سەرکردایەتی ڕێکخستنی باکور، وێنەی بۆ هەموو پارێزگاکان نێردراوە [١٠] .

بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ناحیەو قەزاکانی کوردستان، بۆ ئەوەی دەزگاو بەڕێوەبەرایەتیە رەسمیەکان تیایاندا نەمێنن تاکو دانیشتوان ناچار بن کۆچ بکەن گرنگیەکی زۆری پێدراوە. ئەو بریارانەی ( ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە عیراقدا ) بووە هۆی ناچار کردنی خەڵکی کوردستان تاکو بەرەو شارە گەورەکان ڕەو بکەن، یا ڕوو بکەنە هەر جێگەیەکی تر، کە ئەو جێگایانەش پاشتر هێرشی ئەنفالەکان سەرجەمیانی گرتەوە.

مەرسومی کۆماری ژمارە (٩١١) لە ١٩٨٧/١١/١٦ دا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم ناحیانەی پارێزگای سلێمانی :سەرچنار، سیروان، چناران، سورداش، پێباز. هەروەها مەرسومی کۆماری ( ٩٦١) لە ١٩٨٧/١١/١٦ دا بۆهەڵوەشاندنەوەی قەزای پێنجوێن و ناحیەی بەرزنجە لە پارێزگار سلێمانی [١١] ، ئەمانە هەندێ نمونەی پێش مەبەستی ( بەرایی ) رژێمن بۆ ئەنجامدانی سیاسەتی تایبەت و مەترسیدار لە داهاتوودا، ئەم بریارو مەرسومانە وەکو یاسا جێ بەجێ کراون، لە رابردووشدا پێش ئەنفالەکان هەر ئەو سیاسەتە پیادە کراوە کە دەتوانین سەرجەمی ئەنجامەکانی بە جینۆساید دیاری بکەین، کە جگە لە بەعەرەب کردن و ڕاگواستن وفەوتاندنی جەستەیی خەڵکەکەش چ بە تاك و چ بە کۆمەڵ ئەنجام دراوە. فەوتاندنی هەشت هەزار بارزانی لە سەرەتای هەشتاکاندا دیارترین نمونەیە.

لە عیراقدا، بڕیارەکانی ( ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ) حوکمی یاسایان هەیە، عەلی حەسەن مەجید وەکو نوێنەری سەرکردایەتی، دەسەلاتی تەواوی هەبوو بۆ جێ بەجێ کردنی سیاسەتی حکومەتی عیراق. بە بڕیاری ژمارە ( ٢٨/ ٣٦٥٠ ) لە ٣/٦/ ١٩٨٧ دا لە سەرکردایەتی ڕێکخستنی باکور ( قيادة تنظيم الشمال ) رژێم بە تەواویی نەخشەی پلانی داهاتوو دەکێشێت و ڕێگە بۆ هێرشەکانی ئەنفال خۆش دەکات.

کورتکراوەی ناوەڕۆکی ئەو بڕیارە بەمجۆرەیە :

١. بە تەواویی بوونی خواردەمەنی، مرۆڤ، کەرەسەو پێویستی قەدەغەن لەو ناوچانەی ( زۆنی ئاسایش ) کە بەربەند کراون.
٢. ڕێگەی کەس نادرێت، لە گوندە قەدەغە کراوەکانی قۆناغی یەکەم و دووەمدا بێت تاکو ١٩٨٧/٦/٢١ .
٣. کۆکردنەوەی بەروبووم پێویستە تا ١٥/ ٧ /١٩٨٧ تەواو بێت، کشتوکاڵ وکاری هاوینەو زستانە قەدەغە دەکرێت.
٤. لە ناوچە دیاریکراوەکاندا مەڕو ماڵداریی قەدەغە دەکرێت.
٥. هەر مرۆڤ و هەر ئاژەڵێکیش لەو ناوچانە کە هەن، هێزەچەکدارەکان پێویستە بیانکوژن.
٦. ئەوانەی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە پێویستە ئاگادار بکرێن و بۆ ئۆردوگا رابگوێزرێن. ئەوان بەرپرسیارێتی مل کەچ نەکردن بۆ ئەم بڕیارە دەکەوێتە ئەستۆیان [١٢] .

ئەو بڕیارەی پێشوو ئەوەی دیاری کردبوو تاکو ٢١/٦/ ١٩٨٧ ڕێگەی کەس نەدرێت لە ناوچە قەدەغە کراوەکاندا بمێنێتەوە. بەلام بریارێکی دواتر ژمارە ٢٨/ ٤٠٠٨ لە ١٩٨٧/٦/٢٠ دا دەرچووە، بە یەکجاری پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت کە ئیتر سیاسەتی کوشتن و وێرانکردن لە ١٩٨٧/٦/٢٢ ەوە لە دێهاتە قەدەغە کراوەکاندا پیادە دەکرێت. ئەم بڕیارەش بە ئیمزای

عەلی حەسەن مەجید، بە ناوی ( مجلس قيادة الثورة ـ قيادة مكتب تنظيم الشمال ) ەوە دەرچووەو ئاڕاستەی سەرکردایەتی فەیلەقی یەك، دوو و پێنجی سوپای عیراق کراوە کە لە ناوچەکانی کوردستاندا لە حاڵتی شەڕدا بوون.

کورتکراوەی ئەوبڕیارەش بەمجۆرەیە :

لە بەر ئەوەی بە رەسمی راگەیاندراوە کە دوا کاتی کۆکردنەوەی دێهاتەکان لە ١٩٨٧/٦/٢١ دا تێدەپەڕێت، ئیتر لە رۆژی ٢٢/ ١٩٨٧/٦ ەوە ئەم کارانە ئەنجام دەدرێن :

١. ئەو دێهاتانەی هێشتا کەسانی ( ئاژاوەچی ) یان تێدایە، وەکو دێهاتی قەدەغەکراو دادەنرێن.

٢. ئەو دێهاتانە وەکو ناوچەی شەر دادەنرێن و بە تەواوی بوونی مرۆڤ و ئاژەڵیشیان تێدا قەدەغەیە.سوپاش بۆی هەیە هەر کاتێك بێت بە ئازادی تەقەو دەست درێژیان تیادا بکات.

٣. هاتوچۆ بە تەواوی بۆ ئەو دێهاتانە قەدەغەیە، هەروەها هەموو جۆرە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریو پیشەسازیەك لەو دێهاتانەدا قەدەغەن ولە ژێر کۆنترۆلدا دەبن.

٤. سوپا پێویستە هەر کاتێك بێت بۆردومان بکات و تۆپ وهەلیکۆپتەرو فرۆکە بەکاربهێنێت، تاکو زۆرترین ژمارەی ئەو کەسانە بفەوتێت کە لە ناوچە قەدەغە کراوەکاندان.

٥. هەرکەسێك لە گوندەکاندا بێت، پێویستە بگیرێت و لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە لێی بپرسرێتەوە، هەر کەسێك لەوانە تەمەنی لە ١٥ تاکو ٧٠ساڵ بێت لە دوای زانیاری پێویستیان لێ وەردەگیرێت، دەبێ ئیعدام بکرێن.

٦. هەر کەسێك خۆی تەسلیم بکاتەوە، پێویستە لە ماوەی سێ رۆژدا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت. بۆ درێژ کردنەوەی ماوەی لێپرسینەوەکەی لەکاتی پێویستدا ئەگەر لە ( ١٠ ) رۆژ تێپەری، دەبێ بە تەلەفۆن یان تەلەگرام بۆ درێژ کردنەوەی ماوەی لێپرسینەوە پەیوەندی بە هاورێ تاهیر عانی ـ ەوە بکرێت.

٧. موستەشارەکان و هێزی فەوجەکانی بەرگریی میللی جگە لە چەکی قورس، دەست بە سەر هەرچییەکدا بگرن بۆ خۆیان دەبێت [١٣] .

کەواتە بەڵگەنامەی یەکەمی رژێم بڕیاری قەدەغە کردنی دێهاتەکان و کۆکردنەوەو راگواستنی خەڵکەکەی دا، بەڵام بەڵگەنامەی دووەم لە ٦/٢٢/ ١٩٨٧ ـ ەوە بڕیاری وێران کردن و تاڵان کردن و کوشتنی هەموو زیندەوەرێکی دا لەو ناوچانەی وەکو ( زۆنی ئاسایش ) بە ناوچەی شەر دادەنرێن. بەڵام دیارە لەو هێرش و پەلاماردانەدا ئەو گوندانەی کە ماونەتەوەو نەروخێنراون، ئەوانیش دەبێ حسابێکیان بۆ بکرێت. بۆیە لەو حاڵەتەدا دەبێ بڕیاری تایبەتی عەلی حەسەن مەجید دەربچێت. دەزگای ئاسایشی رژێمی عیراق لە پارێزگای کەرکوك ( تامیم ) لە نامەی رۆژی ٩/١٧/ ١٩٨٧ دا ، ژمارە ٥٨٦٦ ، داوا لە رێکخراوی ئیستخباراتی ناوچەی رۆژهەلات دەکات ، دەربارەی ئەو گوندانەی هێشتا وێران نەکراون ، چونکە ناوچەکانیان بە مەترسیدار نازانن لە سەر ئاسایشی حکومەتی عیراق. دەزگای ئیستخباراتیش بە نوسراوی ژمارە : کەرتی ٣/بەشی ٣/ ٢١٢٧ لە ٩/٢٨/ ١٩٨٧ دا بە شێوەی نهێنی و تایبەت وەڵامی داوەتەوەو ئاراستەی هەموو ناوەندو لیژنە ناوچەییەکانی کردوە، کە ئەو گوندانەی مەترسی لە سەر ئاسایش دروست ناکەن، پێویستە تەنیا هەر بە بڕیاری عەلی حەسەن مەجید بەرپرسیاری بەرێوەبەرایەتی رێکخراوی باکور، ئەو گوندانە وێران بکرێن. لە هەمان نوسراودا ئەو روون کراوەتەوە کەئەو گوندانەی تەقەیان لێوە دەکرێت یان ( ئاژاوەچیان ) لەو ناوچانەن، ئەوە ئەو بڕیارەیـــان ناوێت [١٤] .

وەکو پێشتر روونمان کردەوە کە بڕیاری قەدەغە کردنی هاتووچۆو وێرانکردنی کوندەکان لە سەرکردایەتی رژێمەوە ـ نوێنەرایەتی باکوور ـ دەرچووەو سوپا جێ بەجێ کردوە. سەۆنج بدەن،ئەو بڕیارو بەڵگەنامانەی رژێم ( ٩ ) نۆ مانگ پێش هێرشەکانی ئەنفالەکان جێگیرکراون، کەواتە پێشتر خۆئامادەکردن وپلان دانانێکی تەواو هەبووە بۆ زنجیرە هێرشێکی فراوان بۆ سەر دێهاتەکانی کوردستان

ـ بڕیاری قەدەغە کردنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

ـ بڕیاری کۆکردنەوەو راگواستنی دێهات نشینەکان.

ـ بڕیاری بۆردوومانکردن بە بەکارهێنانی تۆپ و فرۆکەو کۆپتەریش.

ـ بڕیاری تالاَنکردنی ماڵ و سامانی خەڵکەکە، وەکولەوەی جاشەکان یا سوپا دەتوانێت هەرچیەك بەرێت و بۆ خۆی بێت.



ـ بڕیاری قەدەغە کردنی ژیانی مرۆڤ و تەنانەت ئاژەڵیش.

ـ سەرجەم ئەم بڕیارانە بە شێوەیەکی پراکتیك لە پێش ئەنفالەکانەوە دەستکراوە بە جیًبەجیً کردنیان، بەلاَم لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ ـ ەوە کە هێرشەکانی ئەنفالەکانە دەستی پێکرد ئیتر هێرش و کوشتن و پەلاماردانی دێهات نشینەکان چووە قۆناغێکەوە،سەرجەم کوردستانی گرتەوەو هەندیً ناوچەی کەم نەبێت، کە بەرژەوەندی رژێم وا پێویستی دەکرد وەکو خۆیان بیانهێڵێتەوە.

دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیستخباراتی سەربازی نوسراوێکی تایبەت و نهێنی ناردووە بۆ :

ـ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی، چەمچەماڵ، سەید سادق ودەربەندیخان.

ـ ژمارە: کەرتی ٣/ بەشی ٣ / ٤٢٢ ڕۆژی ١٨/٣/ ١٩٨٨.

لەم نوسراوەدا بەڕێوەبەرایەتی ئیستخبارات داوا لە دەزگاکانی ئاسایش دیکات کە ئەو خێزانانەی پەنایان بۆ هێناون، پێویستە لە ئۆردوگای تایبەتیداو لە ژێر چاودێری ئەفسەرانی موخابەراتدا کۆنترۆڵ بکرێن [١٥] .

لەم نوساروەدا مەبەست لەو خێزانانە، ئەوانەیە کە لەکاتی هێرش و پەلاماردانی دێهاتەکاندا هیچ پەناو جێگەیکیان نەماو، سوپاش بە هەموو ناوچەکاندا بلاَوببووە.

ناچار بوونە روو لە سوپا بکەن بۆ پاراستنی گیانی خۆیان، چونکە هیچ بواری دەرباز بوونیان نەبووە، دیارە سوپای عیراقیش بە گوێرەی ئەو نوسراوە وەکو دەریش کەوت بە هەزاران حێزان کە زۆربەیان خەڵکی پیرو پیرو ئافرەت و منداڵ بوون، دەگرێت و رەوانەی ئۆردوگای سەربازییان دەکات پاشتر ئەوە بوو خەڵکێکی زۆریان سەرنگوم کران.

دەربارەی ئەو راگواستن و کۆکردنەوەیەو کۆنترۆڵ کردنە، نمونەی چەند کەسێکی بەشداری ئەو هێرشانە کە خۆیان دیل کرابوون، یان پەنایان بۆ سوپا بردووە، باس دەکەین.

حاجی سالَح، پیرەمێردێکی حەفتا ساڵەی گوندی ( هەزار کانی ) نزیکی سەنگاو، لە بارەی هێرشی ئەنفالەکانەوە دەڵێت(( لە ئۆردوگایەکی گەورەی بە خۆلَ دەور گیراودا کەڵەکە کراین و لەشکرو جاش ئابلۆقەیان داین. چوار شـەو بە گەمـارۆ دراوی لەویًماینەوە پاشـان زیل و ئیڤایان هێناو بەرەو چەمچەماڵ بەرێیان کردین)) [١٦] پاشتر کە دەیانگەیەننە زیندانی نوگرە سەلمان، ئەو خەڵکە لە حاڵەتێکی زۆر خراپ و برسێتیدا دەهێڵنەوە، ڕۆژانە چەندین کەس لە برسا دەمردن. حاجی ساڵح دەگێڕێتەوەو دەڵێت : (( ئێمە مردووەکانمان لە چاڵی قوڵدا نەدەناشت و ئەو هێزو توانایەمان نەمابوو گۆڕی تەواویان بۆ هەڵبکەنین ،بە لمیش دامان دەپۆشین، بۆیە دوا بە دوای ئێمە حەوت ـ هەشت سەگی رەشی زلی قەڵەو لە دەوروبەری قەلاَکەدا هەبوون، پەلاماری گۆڕەکانیان دەداو بەچنە کریً خۆڵی سەر مردووەکەیان لادەداو دەیانخوارد )) [١٧]

یەکێکی تری ئەنفال کراو،حاجی عەلی حەسەن کاکەمەند، خەڵکی کوندی (رەبات) لە دایکبووی ساڵی ( ١٩٣٠ ) شەش مانگ لە زیندانی رژێمدا بووە، دەگێڕێتەوەو دەڵێت : (( سوپای عیراق و تێکرا گەلە جاش لە ١٩٨٨/٣/٢٨ هێرشێکی بەربلاَویان کردە سەر ناوچە ئازاد کراوەکانی گەرمیان.. لەم هێرشەدا هێزەکانی ئاسمانی و زەمینی زۆر بە چڕی بە پیًی نەخشەو پلانێکی ورد هاتنە سەر ناوچەکە لە قادر کەرەم و چەمچەماڵ و کەلارەوە گەمارۆی گەرمیانیان دا. پێش چەند ڕۆژێکیش لە بازیان و سلێمانی و شارەزورو دەربەندیخانەوە هێرشیان کردبووە سەر قەرەداغ، گوندی ( سێوسێنان ) یان کیمیاباران کردبوو. گازی ژەهراوی ژمارەی بیً شوماری ئەم ئاواییەی شەهید کردبوو. گوندەکەی ئێمەش واتا ( رەبات ) بە شێوەیەکی دڕندانی لیًی درا. لە کاتێکدا من لە سەر قەلاَی گوندەکە بووم حەوت فڕۆکەی جەنگی و چوار کۆپتەرم بینی زۆر دڕندانە بۆردومانیان دەکرد. بەرامبەر ئەو خەڵکە بیً تاوانە ناپاڵم و فۆسفۆریان بە کار دەهێنا. بەمەشەوە نەوەستان چەکی

کیمیاویان به کار هێنا. زیاتر ( کانی باجگه) و شاخی ئاژداخی دەگرتەوە.  لەبەر ئەوەی ڕەبات لە جێگایەکی بەرزی لاپاڵی سەگرمەدایە، دەڕوانێ بە سەر  ناوچەکەدا بە ئاسانی چاوم لێ بوو چۆن بڵێسەی ئاگرو دووکەڵی لە (( گەڕەچیا، هەزارکانی، دەرەوار، داربەڕوو، بانی مۆرد، ژاڵە، زینانە، تیمار، کچان، کێلەبەرزە، قەلاگە، کارێزە )) هەڵساند.
حاجی عەلی حەسەن کاکە مەند، لە دوای ئەوەی کە هێرشی زەمینی دەست پێدەکات، لەگەڵ خەڵکی گوندەکەیاندا ئاوارە دەبن تا سەرەنجام لە ١٩٨٨/٤/٤ دا سوپا ئابلووقەیان دەدات. حاجی عەلی دەگێڕێتەوەو دەڵێت:
(( دوژمن زۆر بێ بێ بەزەییانەو بێ گوێدانە گریان و هاواری ژن و منداڵ  هەموومانی ڕەوانەی ( قۆرە توو ) ی نزیك خانەقین کرد. شەپۆلێکی زۆری تریشیان لەو دەوروبەرە هێنابووە ئەوێ. ئەو شەپۆلەی ئێمەی تێدا بووین دەگەیشتە ( ٥٠ ) پەنجا هەزار کەس. دوو شەو بێ نان و ئاو ماینەوە. ئینجا لە ٦/٤/ ١٩٨٨ دا ئێمەیان گواستەوە بۆ ( تۆپزاوا )ی کەرکوك. لەوێ بەمجۆرە لەکتر جیا کراینەوە:


گوندی قامچوخە

یەکەم: تەمەنی دوازدە ساڵ تا چل و پێنج ساڵ

دووەم: تەمەنیپەنجا ساڵ و سەروتر

سێیەم: کچ

چوارەم: ژن و منداڵ

لەم جیاکردنەوەیەدا دایك و جگەرگۆشەیان لە یەکتر دادەبڕی، زۆر لە دایکان هاواری گریان و قیژە قیژیان دەگەیشتە کەشکەلانی  فەلەك لە تاو کۆرپە ساواکانیان. یەکەم هەنگاو بێ سەروشوێن کردنی مێردمناڵ و گەنجەکان بوو. بە چاوی خۆم بینیم دوو دوو بە دەست و چاو بەستراوی سواری پاس و ئۆتۆمبیلی سەرگیراو کران. پاسەکان پەنجەرەکانیان بۆیە کرابوون و ناوەوەیان دیار نەبوون. لە دوای ئەوان نۆرەی ئێمە هات. ژمارەیەکی زۆر پاس و ئۆتۆمبیلی سەربازییان ئامادە کردبوو، چاویان بەستینەوەو هەندێکیان بەرەو ( دوبز ) ڕەوانە کرد. ژمارەیەکی تریشیان کە من لەگەڵیاندا بووم براینە نوگرە سەلمان.... لەوێ  ژمارەمان ( ٦٠٠٠ ) شەش هەزار کەش دەبوو، بە سەر چەند ژوورێکدا دابەشیان کردین خواردنی ڕۆژانەمان سەمونێك بوو. ڕۆژی یەك تەنکەر ئاو بۆ سەرجەم زیندانییەکان. برسێتی و تینوێتی و نەخۆشی ئەو ژمارەیەی کەم کردەوە. لە دوای چەند مانگێك ژمارەمان بوو بە ( ٣٠٠٠ ) سێ هەزار. گەرماو  نەخۆشی و برسێتی تێنوێتی لە ناوی بردین. سەرباری مردن ئەشکەنجەش بەردەوام بوو )). حاجی حەسەن پاش شەش مانگ لە دوای ئەوەی ( ١٤ ) کەسی خێزانەکەیان  فەوتان، ئەم لەگەڵ کۆمەڵێك پیرەمێردی تردا ئازاد کران [18] .
ئەم کارانە کە ڕۆژانە ژمارەی خەڵکەکە کەم دەکاتەوە، ڕەفتاری تورکەکان وەبیر دێنێتەوە لە دژی کورد و ئەرمەنییەکان. کاتێك ئەرمەنیەکانیان رادەگوێزا، لە سەرماو لە برساندا زۆریان دەمردن و پاشتر سەگ بەر دەبووە تەرمەکانیان [19] .
ڕژێمی عیراق جیاوازی نەدەکرد لە نێوان چەکداری بزوتنەوەی کوردی و خەڵکی سیڤیل وبێ چەکدا. هەر بۆیەش ئەو کارانەی لە دژی دێهات  نشینەکان ئەنجان دەدا. بە هەمان شێوە تورکەکان ڕەفتاریان لەگەڵ ئەرمەنەکاندا دەکرد، کە پێیان وابوو ئەو ئەرمەنییانەی ئیمڕۆ بێ بەرین، سبەینێ تاوانبارن [20] .
ڕژێمی عیراق چەند قۆناغێکی دانابوو بۆ فەوتاندنی خەڵکەکە:
- دیاریکردنی ناوچەکان کە بە پلان و بە قۆناغ هێرشەکان دەستیان پێکرد.
- هێرشکردن وکۆنترۆڵ کردنی خەڵکەکە.
- کۆکردنەوەو ڕاگواستنی خەڵکەکە.
- دیل کردنیان لە زیندان و بیابانەکانی خوارووی عیراق.
- برسی کردن و سووکایەتی کردن بە خەڵکەکە.

ـ سەرەنگونکردنی سەرجەم ئەوانەی کەنەگەیشتبوونە تەمەنی پیری. واتە کوشتنی ئەوانەی کە توانای دروستکردنی وەچەیان هەبوو.
ـ وێرانکردنی دێهاتە چۆڵکراوەکان .
ـ تالآنکدنی مەڕومالآت و سەروەت و سامانی خەڵکەکە.
ـ بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێك بە تایبەتیش چەکی کیمیاوی.
ـ پاش ماوەیەك ئازاردان و دورخستنەوە، ئازادکردنی ئەو بەشەی خەڵکانی پیروپەککەوتە کە مابوونەوە.
تورکەکان، جەردە و پیاوکوژەکانی ناو زیندانەکانیان دەهێنا، کە زۆرجار کوردیشیان تێدا بوون، بەرەڵآیان دەکردن و بەرگی کوردیان لە بەر دەکردن و لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا بە کاریان دەهێنان، لە هەندێك ناوچە سەربازەکانیش بە جل و بەرگی کوردییەوە دەکەوتنە کوشتارو پەلاماردانی ئەرمەنەکان [٢١] .
دیارە تورکەکان بە مەبەستی :
١. بە کارهێنانی کورد لە دژی ئەرمەن.
٢. ئاژاوەنانەوە لە نێوان کورد و ئەرمەندا.
٣. کەمکردنەوەی ژمارەی کورد.
ئەم سیاسەتەیان ئەنجام داوە بەلآم رژێمی عیراق سیاسەتی بەکارهێنانی جاشە کوردەکانی زۆر بە زەقی بەکارهێنابوو بۆ ئەنجامدانی سەرجەم هێرشەکانی ئەنفالەکان، کە لە زۆربەی هێرشەکاندا جاشەکان لە پێش سوپای عێراقەوە هێرشیان دەکرد. دەبینین بە بریاری رەسمی رژێم ئەو چەکدارانە ئازاد بوون لە تالآن کردندا. کە ئەمەش خەڵکانی نەفس نزم و جەردەو بێ رەوشت بە ئەندازەیەکی زۆر ئەنجامیاندا.
لەم خستنەرووەی هێرشەکانی ئەنفال و هەندێ بەڵگەنامەی رژێم و قسەی ئەنفال کراوەکانەوە، بۆمان روون بووەوە جۆری سیاسەت و پلانی رژێمی عیراق کە خەڵکی سیڤیل ( مەدەنی ) بێ چەکی ناوچەکانی کوردستانی بە تەواویی گرتبۆوە، لەگەڵ وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستاندا، ئەمە جگە لەوەی لە هێرشەکاندا گوێ نەدرابووە منالّ و پیرو ئافرەتیش.

## بابزانین ئەو هێرشانە چ ئەنجامێکیان خستە روو :

## وێرانکردنی دێهاتەکان:

١. دێهاتەکانی کوردستان لە کۆنەوە جێگەی حوجرەو خوێندنی دانیشتوانی ناوچەکان بوون. لە بەر ئەوە بە ئەندازەیەکی دیارو لە بەرچاو دەستنوس و کتێب و بەڵگەنامەی کۆن ماونەتەوەو لەمالآن و لە حوجرەو دیوەخانەکاندا هەڵگیراون.
٢. ژیانی دێهاتنشین ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆری پێگەیاندووە وەك: گۆرانی، بەیت، لاوك، حەیران، چیرۆك، داستانی میللی، مەتەڵ، پەند، قسەی نەستەق و نوکتە.
٣. ژیانی دێهاتنشینەکان، جۆرە پەیوەندییەکی کۆمەڵآیەتی پێکهێناوە کە داب و نەریت و کولتورێکی نیشتمانی لێ پەیدابووە، وەکو رەوشتێکی جوان و مرۆییانەی کوردەواری تایبەتمەندی نەتەوەیی و کۆمەڵآیەتی کۆمەڵگەکەی پێوە دیار بووە.
٤. پێویستی ژیانی دێهاتنشینەکان جۆرێك لە کولتوری ماتریالی هێنابووە بەرهەم کە گەڕیدەو پسپۆرو شارەزایانی وڵآتانی دونیا گەلێك کتێب و بابەتی بەنرخیان لە سەر نوسیون وشایەدی ئەوە دەدەن کە زەوق و سەلیقەی کوردەواری رەسەن و هونەریانەیە. ئەو کولتورە لەم کارانەدا دەردەکەوێت :
دروست کردنیقەلآ، خانووبەرەو دیوەخان، گۆزە، دیزە، جل و بەرگی کوردی، پێڵآوی کوردی وەکو : کەوش، کلآشی پەڕۆ، کلآشی چەرم وتەون و تەونکاری و ... هتد.

٥. ئاژەڵداری و مەڕو ماڵات بە خێو کردن و کشتوکاڵی دێهاتەکان، زمان و ئەدەبێکی میللی تایبەتی بەو کارانە پێکهێنا بوو.

جا بە وێرانکردنی دێهاتەکان، سەرجەم ئەو کولتورە دەفەوتێت و نرخ و بەهای جارانی نامێنێت. بۆیە وێرانکردنی دێهاتەکان ئەگەرچی شێواندن وتێکدانی ژینگەیە، شێواندن و فەوتاندنی کولتورێکی میللی نەتەوەیی خەڵکی کوردستانیشە.

## وێرانکردنی سەرچاوەی ئابووری دێهاتەکان :

ئەنفالەکان، هەر تاوان نەبوون لە دژی خەڵکی کوردستان، بەڵکو تاوانیش بوو لە دژی سروشت. کوردستان ئەو پێشکەوتنە پیشەسازی و تەکنەلۆژی‌یەی تێدا نەبوو کە ببێتە هۆی لەوتاندنی ئاووهەواو خاکەکەی، ژینگەیەکی خاوێن و ئاسایی هەبوو [٢٢]، بەڵام ئەو وێرانکردنە سەراپاگیرییەو بەکارهێنانی چەك و کەرەسەی جەنگی بە تایبەتیش چەکی کیمیاوی، وەکو تاوانێکی ترسناك جگە لە مرۆڤ ، لە دژی ژینگە، ئاژەڵ وباڵندەو رووەك و دارو درەختیش دەگرێتەوە، کە ئەم تاوانە بۆ خۆی وێرانکردنی زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەی خەڵکی کوردستانە. کەواتە تاوان لە دژی ژینگە جگە لە ئەنجامی سیاسی کە رژێم مەبەستی بوو، تاوانە لە دژی مرۆڤ و سەرجەم دەوروبەرەکەی. رژێم دڕانەترین میتۆدی بەکارهێنا لە دژی خەڵکی کوردستان، کە ژیانی نەهێشت لە زۆربەی ناوچەکانی ئەوبەشەی کوردستان کە لە سنوری قەڵەمڕەوی حکومەتی عیراقدایە.
هەندی لەو تاوانانەی سەرچاوەکانی ژیانیان شێواند و ژینگەی کوردستانیان وێرانکرد ئەمانەن :

١. وێرانکردنی گوندەکان و شارۆچکەکان .
٢. وێرانکردنی دارستان و کێڵگەو باغ وبێستان
٣. وێرانکردنی فابریقەو پیشە سەرەتاییەکانی دێهاتەکانی.
٤. پڕکردنەوەو چیمەنتۆ رێژکردنی کارێزو کانیاوەکان.
٥. چاندنی ملیۆنان مین، بەبێ نەخشەو بە شێوەیەکی کوێرانە، کە هەڵگرتنەوەو دۆزینەوەیان زۆر زەحمەتە، تەقینەوەی گەلێك لەو مینانە کارەساتی مرۆیی خراپیان لێ کەوتۆتەوە، وەکو قاچ برین، دەست برین، شێواندنی لەشی مرۆڤ و لە زۆر حاڵەتیشدا مردن.

کێشەی پاراستن و بەکارهێنانی زانستیانەی سروشتی ژینگە، دووەم کێشەیە لە دوای مەترسی جەنگی ئەتۆمیەوە لە یاسای نێو دەوڵەتاندا، چونکە هەردوکیان پەیوەندیان بە بوونی مرۆڤایەتیەوە هەیە [٢٣] .
لەبەر گرنگی کیشەی ژینگەو پەیوەندی بە مرۆڤایەتیەوە چونکە پاراستنی ژینگە پاراستنی مرۆڤایەتی‌یە. کۆمەڵێك کارو رێککەوتننامەو پەیماننامەو بەڵگەنامە لە یاسای نێودەوڵەتاندا گرنگییەکی زۆریان پەیدا کرد لە پێکهێنانی ( یاسای نێو دەوڵەتی پاراستنی ژینگە ) دا. هەندێ لەو پەیماننامەو بەڵگەنامانە دەتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت بۆ کێشەی وێرانکردن و لەوتاندنی ژینگە لە کوردستان :

١. پەیماننامەی یۆنسکۆ، ساڵی ١٩٧٢ دەربارەی پاراستنی کەلەپوری سروشتی و کولتوری جیهانی.
٢. بەیاننامەی UN ساڵی ١٩٧٢ . کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم. دەربارەی پاراستنی ژینگە.
٣. پەیماننامەی ساڵی ١٩٧٧ دەربارەی قەدەغە کردنی کەرەسەی جەنگی و زیانبەخش بە ژینگە.
٤. پەیماننامەی بۆن، ساڵی ١٩٧٩ دەربارەی پاراستنی ئاژەڵی کێویی وکۆچبەر.
٥. راگەیاندنی مافی ئابووری و پابەندێتی دەوڵەت، ساڵی ١٩٧٤.
٦. بڕیاری ئەنجومەنی گشتی UN ١٩٨٠ دەربارەی پاراستنی سروشتی خاك بۆ نەوەی ئێستاو داهاتوو.
٧. بەیاننامەی جیهانی دەربارەی سروشت، ساڵی ١٩٨٢.
٨. بەیاننامەی ١٩٩٢ دەربارەی پاراستن و پێشخستنی ژینگە.

٩. هەردو پرۆتۆكۆلی ساڵی ١٩٧٧ پاشبەندی رێككەوتننامەكانی ژنێف ١٩٤٩ .

سەرجەم ئەو بەڵگەنامانە گرنگی ژینگە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا وا دەستنیشان دەكەن، كە وێرانكردن و لەوتاندنی دەبێتە هۆی شێواندن و تێكدانی ژیانی ئاسایی مرۆڤ ، چونكە بێ ژینگەیەكی ئارام و پێشكەوتوو مرۆڤ ناتوانێت گوزەران بكات. سەرباری ئەوەیش كە وێرانكردن و لەوتاندنی ژینگە لە زۆر جاردا دەبێتە هۆی فەوتاندنی راستەوخۆی مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەك و دارو درەختیش، ئیتر بە ئاسانی ژیان لەو دەوروبەرەدا پەیدا نابێتەوەو ئاوەدان كردنەوەش زەحمەت و سەخت دەبێت.

كەواتە، دەتوانین بڵێین كە وێرانكردنی كوردستان چەند تاوانێكی لێ كەوتۆتەوە. بۆیە مەترسی و ئەنجامی خراپی ئەنفالەكان گەلێك گەورەترو قورسترە لەوەی بە ئاسانی وەربگیرێ و بە تیپەڕ بوونی رۆژگار لە بیر بكرێت. بە تایبەتی بە كارهێنانی چەكی كیمیاوی پاشماوەی ترسناكی هەیە لە سەر مرۆڤ ، وەكو دەركەوت كە ئاسەوەاری بەردەوامی هەیەو خەڵكانێك تووشی نەخۆشی سەرەتان و ئیفلیجی بوونەو هەندێ منالٚ بە شێواوی لە دایك بوونەو هەندێ ئافرەتیش تووشی گرفتی منالٚ نەبوون بوونە، ئەمەیان دەچێتە خانەی جینۆسایدی بیۆلۆژییەوەو ئەنجامی زۆر ترسناكی هەیە بۆ وەچەی داهاتوو.

ئەنفالەكان، درێژە پێدانی سیاسەتی پێشووی رژێمی عیراق بوو، بەڵام بە بەرفراوانترو دڕانەتر. لە سەرجەم هێرشەكاندا زیاتر مەبەستی سەرەكی رژێم روون بۆوە كە فەوتاندنی مرۆڤی كورد ( وەكو كۆمەڵ )، فەوتاندنی كولتوری كورد و وێرانكردنی كوردستان بە تەواویی وەكو تاوانی جینۆساید پێكهاتەكانی دەركەوت. بۆیە لێرەدا پێویستە هەڵوێستەیەك لە سەر تاوانی جینۆسایدو خەسڵەتەكانی بكەین، چونكە ئەنفال قۆناغێك بوو لە پراكتیك كردنی جینۆساید.

## جینۆساید Genocide

جینۆساید، تاوانێكی‌نەخشە بۆ كێشراوە، بۆ ئەنجامدانی سیاسەتێكی دیاریكراو، كەسترۆكتوری هاوبەش و باوی بوونی كۆمەڵە مرۆڤێك تەفروتونا دەكات. زۆرجاریش كۆمەڵكوژی لە دژی خەبات لە پێناوی دیاریكردنی چارەنووسدا روودەدات [٢٤] . جا هەر كۆمەڵكوژی بێت یا جێ بەجێكردنی سیاسەتێك كە هەڕەشە لە بوونی ئەو كۆمەڵە مرۆڤە بكات، ئەگەر لەدژی خەبات لە پێناوی دیاریكردنی چارەنووسدا بێت یا هەر هۆیەكی تری هەبێت. رووداوە مێژووییەكان دەریان خستووە كە هەتاكو ئێستا هەر دەوڵەت یا حكومەتێك ئەو سیاسەتەی ئەنجام داوە.

جینۆساید **Genocide** لە دوو وشە پێكهاتووە :

وشەیەكی گریكی **Genoe** واتە رەگەز، بنەچە.

وشەیەكی لاتینی **caedere** واتە كوشتن، فەوتاندن.

بە لێكدانی هەردوو وشەكە دەتوانین بڵێین جینۆساید Genocide واتە فەوتاندنی بنەچە [٢٥] . وشەی جینۆساید لە فەرهەنگی كوردیدا تازەیە. لە زمانی كوردیدا: قڕ، قڕان ، قڕكردن و قڕتێخست زۆر باوو زانراوە. دەتوانینن بۆ جینۆسایدی گەلی كورد بنوسین ( كورد قڕان )، بەڵام لەبەر ئەوەی لە رووە زانستریەكەوە مانای جینۆساید فراوانترو سەنگین ترە، پێمان باشە هەر جینۆساید بەكاربێنین .

جینۆساید تاوانێكی ئاسایی نییە، بەڵكو تاوانێكی نێونەتەوەییە [٢٦] . دەستوری یاسای نۆرنبرگ ( Chart ) كە لە (٣٠) بەند پێكهاتووە، لە بەندی شەشەمیدا تاوانی نێونەتەوەیی بەمجۆرە دیلۆی دەكات :

١. تاوان لە دژی ئاشتی **Crimes Contre La Paix** : بریتین لەم كارانە :

نەخشەكێشان، دابینكردنی كەرەسەی شەڕو خۆئامادەكردن یان دەستپێكردنی شەڕ یان هەر شەڕێك كە پەیماننامەو رێكەوتنامەو راگەیاندنەكانی نێوان دەوڵەتان بشكێنێت، یان بەشدار بوون لەو نەخشەو پلانانەی كە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو كارانەن.

٢. تاوان لە دژی مرۆڤایەتی Crimes Contre La Humanite بریتین لەم كارانە :

کوشتن، کۆمەڵکوژی، ئلزاردان، راگولستن، دوورخستنەوە، کۆیلەکردن، تیرۆرو تۆقاندن، گرتن وچەوساندنەوە لەبەر هۆی سیاسی یان ئاینی یان رەگەز جا بەشێوەی کۆمەڵ یان تاك بێت.

٣. تاوانەکانی جەنگ Crimes de guerre بریتین لەم کارانە :

شکاندنی یاساکانی جەنگ، تاوان لە دژی خەڵکانی مەدەنی (Civil) لەکاتی شەڕدا، بەتایبەتی ئەو تاوانانەی لەرێکەوتنامە نێو دەوڵەتی‌یەکاندا دیاری کراون وەکو : ریکەوتنامەکانی لاهای ١٨٩٩ وریکەوتنامەکانی ژنێف ١٩٤٩ و هەردوو پرۆتۆکۆڵی پاشبەندی ساڵی ١٩٧٧ دا[٢٧] .

بەندی سیٚی هاوبەشی هەرچوار رێکەوتنامەی ژنێف ١٩٤٩ ، تایبەت کراوە بەو شەڕانەی کە خەسڵەتی نێو دەوڵەتیان نی‌یە، واتە : لایەنەکانی شەڕ هەر دەوڵەتان نین، بەڵکو دەوڵەتان لەلایەك و بزوتنەوەی چەکداری رزگاریخوازی لە لایەکی ترەوە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا کە شەڕی لەگەڵدایە.

ئەم بەندەش دانپێدانان یاسای یاسای نێو دەوڵەتانە بە بزوتنەوەی ئەو گەلانەی لە قۆناغی رزگاری نیشتمانی دان، کە ئەو بزوتنەوانە لایـەنن(subject) لە یاسای نێو دەوڵەتاندا، بە تایبەتیش پرۆتۆکۆڵی یەکـــــەمـــی ( ١٩٧٧ ) پاشبەندی ریکەوتنامەی ژنێڤ، یەکەم پەیماننامەی نێو دەوڵەتیە کە بەو جۆرە حوکم دەدات دەربارەی کەسایەتی یاسایی نێو نەتەوەیی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلان لە پێناوی ئازادیدا [٢٨] .

بەندی یەکەمی پرۆتۆکۆڵەکە ئەوە دیاری دەکات کە لایەنە بەشدارەکان لە هەمو و حاڵەتێکدا رێز لە ناوەرۆك و مەبەستی ئەو پرۆتۆکۆڵە دەگرن، بە تایبەتیش پاراستنی قوربانیانی شەڕی ئەو گەلانەی لە دژی کۆڵۆنیالیزم و داگیرکەرانی بیانی و لە دژی رژێمە رەگەز پەرستەکانە، بە تایبەتیش لە قۆناغی بە دەستهێنان و دیاری کردنی چارەنوسدا [٢٩] .

جا پاراستنی خەڵکی سیڤیل و رێزگرتنی مافەکانیان، چ لە شەڕی نێوان دەوڵەتاندا یان لە شەڕی نێوان دەوڵەتێك و هەر هەرێمێکی چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بێت مەرجە، چونکە شەڕەکە لە پێناوی ئەو مافانەدایە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دانی پێدا ناوەو لە چوارچێوەی رێکەوتنامەو پەیمانی نێو نەتەوەییدا جێگیر کراون، ئەگەر ئەو شەڕە لە لایەن دەوڵەتەکەشەوە وەکو شەڕی ئاشکرا رانەگەیندرابێت، کە خەسڵەتێکی نێو دەوڵەتی نی‌یە، بەڵام کێشەکە پێوەندی بە یاسای نێو دەوڵەتانەوە هەیە. پرۆتۆکۆڵی دووەمی ( ١٩٧٧ )، پاشبەندی رێکەوتننامەکانی ژنێڤی ساڵی ( ١٩٤٩ )، تایبەتە بە پاراستنی قوربانیانی ئەو شەڕانەی کە نێو دەوڵەتی نین.

بەندی یەکەمی پرۆتۆکۆڵەکە تەواوکەری بەندی سێی هاوبەشی هەر چوار رێکەوتننامەی ژنێفە، کە ئەو ناوچانە دەگرێتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا ئەگەر هێزێکی چەکدار لە سوپای دەوڵەتەکە جیا بووبێتەوە یان کۆمەڵەو رێکخراوی چەکدار هەبن، کە رابەرایەتی دیاریان هەبێت و لە شەڕەکە بەرپرسیارن [٣٠] .

بەندی ( ١٣ ) ی پرۆتۆکۆڵی دووەم خەڵکی سیڤیل لە هێرش و شەڕو پەلاماردان دەپارێزێت. بەندی ( ١٤ ) برسی کردنی خەڵکی سیڤیل و وێرانکردنی سەرچاوەکانی ژیان بە گشتی قەدەغە دەکات. بەندی (١٥) جێگەو رێگەوبان وکەرەسەی پێویست بۆ ژیان لە شەڕو وێرانکردن دەپارێزێت . بەندی (١٦)وێرانکردنی شوێنە کولتوری‌یەکان و پاشماوەی مێژوویی وکەرەسەی هونەری وجێگە پیرۆزەکان دەپارێزێت . بەندی (١٧) بە زۆر راگواستنی خەڵکی قەدەغە دەکات [٣١] . بەندی(٥٣ )ی پرۆتۆکۆڵی یەکەم ئەویش هێرش و پەلاماری سەر پاشماوەی مێژوویی و کاری هونەری‌و پەرستگاکان وشوێنە کولتوری‌یەکان قەدەغە دەکات و رێز لە رێککەوتنامەی لاهای ( ١٩٥٤ ) دەگرێت دەربارەی پاراستنی مەڵبەند و شوێنە کولتوری و مێژووییەکان [٣٢] .

کەواتە بە گوێرەی ریککەوتنامەکانی ژنێف و هەردوو پرۆتۆکۆڵی پاشبەندیان :

١. خەباتی هەر گەلێك ئەگەر لە چوارچێوەی دەوڵەتێکیشدا بێت، رەوایە.
٢. ئەو شەڕەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا ئەنجام دەدرێت لە لایەن حکومەت لە لایەك و ئەو گەلەی کە خاکەکەی داگیر کراوەو رێز لە مافەکانی نەگیراوە، ئوگەر چی شەڕکە خەسڵەتی نێو دەوڵەتی نی‌یە، بەڵام یاسای نێو دەوڵەتان چارەسەری بۆ دابین دەکات.

٣. ئەگەر ئەگەر شەڕەکەی بە ڕەسمی لە لایەن دەوڵەتەکەشەوە بە ڕەسمی ڕانەگەیەندرا بێ، ئەوا هەر پابەندی یاسای نێو دەوڵەتانە.
٤. هەر تاوانێك لە ناوچەکانی شەڕدا ئی‌نجام بدرێت لە جۆری ئەو تاوانانەی کە پێشتر باسمان کردن، ئەوا تاوانی نێو نەتەوەیین و پابەندی یاسای نێودەوڵەتانە.
٥. دەوڵەت بەرپرسیارە لە سیاسەتی خۆی لە ناوچەکانی شەڕدا. ڕەفتاری دەوڵەت چۆنیەتی ڕێزگرتن یان پێشێلکردنی مافەکانی ئەو گەلە دەستنیشان دەکات.
٦. ئەو گەلەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا، لە سەرجەم یان لە بەشێکی دا بێت،لە شەڕەکانیدا، ئەگەر نوێنەرایەتی هەبێت، ئەوا هەڵگری کەسایەتی یاسایی نێو نەتەوەییە، بەڵام جێبەجێکردنی پەیوەندە بە چارەسەرکردنی کێشەکەی و بەشداری کردنی لە پێوەندی نێوان دەوڵەتاندا.

بە تێڕوانین لەو شیکردنەوەیەی خستمانەروو، دەڵێین، سیاسەتی ڕژێمی عێراق لە ئاستی گەلی کوردا، پێشێلکردنێکی تەواوی یاسای نێودەوڵەتانە، بە تایبەتیش ئەو فۆرم و تێکستە دیارانەی لە شێوەی پەیمانی نێو نەتەوەییدا جێگیر کراون و خەسڵەتی ئیمپیرەتیفانەیان هەیە لە ڕێزگرتنی مافی مرۆڤدا. هەر بۆیش چۆنیەتی تاوانەکانی ڕژێمی عێراق بە جینۆساید پێناسە دەکرێت.

بۆ ئەنجامدانی جینۆسایدیش مەرج نی‌یە هەر لە سەر دەمی شەڕدا ئەم سیاسەتە پیادە بکرێت. پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨ دەربارەی بەربەند کردنی جینۆسایدو سزا خستنە سەر تاوانکارانی،ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم تاوانە، نەك هەر لە سەردەمی شەڕدا بەڵکو لە سەردەمی ئاشتیشدا ئەنجام دەدرێت، هەروەکو بەندی یەکەمی پەیماننامەی ناوبراو دەڵێت، کە پەیماننامەکە لە سەردەمی شەڕو ئاشتیدا حوکمی هەیە [٣٣] .

بەندی دووەمیش لە پەیماننامەی ١٩٤٨ مەبەستی سەرەکی جینۆساید ڕوون دەکاتەوە کە (( ئەنجامدانی تاوانکارییە بە مەبەستی قڕکردنی بەشێك یان سەرجەمی هەر کۆمەڵێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی یان ئاینی )). جا ئەو قڕ کردنە یان فەوتاندنە، هەروەکو لە بەندی دووەمدا دیاریکراوە، بە هەرجۆرێك لەم شێوانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت :

١. کوشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.
٢. زیان گەیاندن بە لەش و شێواندنی بیری ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.
٣. بە ئەنقەست دانانی ئەو کۆمەڵە لە ژێر بارۆدۆخێکی سەختدا کە ببێتە هۆی فەوتاندنی هەموویان یان بەشێکی.
٤. تەگەرە خستنە بەر منداڵ بوون لە نێو ئەو کۆمەڵەدا.
٥. بەزۆر ڕاگواستنی منداڵ لەو کۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵێکی تر.

پشتگیری ئەو ڕایەی د.جاسم توفیق دەکەین کەپێ‌ی وایە چەکی کیمیایی و بەکتریۆلۆجی بە گوێرەی سەلماندنی زانایانی پزیشکی، زیانێکی گەورە بەکرۆمۆسۆمەکانی لەشی مرۆڤ دەگەیەنێت و شوێنەواری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەمێنێتەوە. ئەو ئافرەتانەی بەر ئەو جۆرە چەکانە کەوتوون جارێکی تر ( ڕەنگە) منالیان نەبێت، هەروەها زۆربەی ئەو منالآنەی لە ئۆردوگا زۆرەملی‌کاندا لە دایك دەبن، بە هۆی هەل و مەرجی نائاسایی ئاووهەواو نەبوونی پێویستی‌یەکانی ژیان بە زوویی دەمرن [٣٤] .

بە بیروڕای ئێمەش چەکی کیمیایی و بەکتریۆلۆژی، زیاتریش دەبنە هۆی ئەوەی کەمناڵ بە ئیفلیجی یان ناتەواویی دروست بێت. کارتێکردنی ئەو چەکانە چ لە سەر ئافرەت یا لە سەر پیاو، بەرکەوتوان تووشی کۆمەڵێك نەخۆشی خراپ دەکات وەکو نەخۆشی دەروونی، تێکچوون، نەزۆکی، دروست بوونی نەخۆشی لە تۆوی ئافرەت و پیاویشدا، ئەمانە بەڕای ئێمە دەچنەخانەی جینۆسایدی بیۆلۆژی‌یەوە.

نەك هەر ڕاستەوخۆ ئەنجامدانی جینۆساید سزا دەخاتە سەرتاوانکارانی، بەڵکو وەکو بەندی ٣ی پەیماننامەی ١٩٤٨ لە دژی جینۆساید دیاریکردوە، هەرجۆرێك لەم جۆرانە سزا دەیانگرێتەوە.

١. جینۆساید.
٢. پیلان گێڕان بەمەبەستی جینۆساید.

٣. هاندانی ئاشکراو راستەوخۆو بە مەبەستی جینۆساید.

٤. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٥. بەشداری کردن لە جینۆسایدداا [٣٥] .

تاوانی جینۆساید مەرج نی‌یە هەر فەوتاندنی فیزیکی (جەستەیی.بەدەنی) ئەو کۆمەڵە مرۆڤە بێت کە لە دژی ئەنجام دەدرێت، بەڵکو جینۆساید چەند جۆرێکە :

یەکەم : جینۆسایدی فیزیکی ( جەستەیی.بەدەنی) Genocide Physique :

کوشتن یان فەوتاندنی ئەندامانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك چ راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بە گولله باران کردن، زیندە بەچاڵ کردن، سەرەنگون کردن، ئیعدام کردن، بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ وەکو ژەهر یان کیمیایی و بایۆلۆژی.

دووەم : جینۆسایدی بیۆلۆژی (Genocide Biolgiqe) :

رێگە گرتن لە پێشکەوتن، لە دایك بوون و زیاد بوونی هەرکۆمەڵەمرۆڤێك[٣٦] . وەکو بەکار هێنانی ئامرازو داوو دەرمانی منداڵ نەبوون و پەککستنی ئەندامانی زاووزێ، دابڕینی پیاوان و ژنان لە یەکتر بۆ ماوەیەکی زۆرو دابڕینی مندالأن لە دایکان وباوکانیان، ئەنجامی ترسناکی چەکی کیمیاوی و بەکتریۆلۆژی کە جگە لە سەرجەم قڕ کردنی مرۆیی، دەبێتە هۆی ئەوەش ئەوانەی بەرکەوتوون کار لە ئەندامانی زاووزێیان بکات، ئەبێتە هۆی نەزۆکی یان هۆی شێواندنی ئەندامانی لەش.

سێیەم : جینۆسایدی کولتوری Genocide Culturel :

قەدەغە کردنی زمان و شێواندنی مێژوو رابردووی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك. ئەم جۆرەی جینۆساید لە پەیماننامەی ١٩٤٨ دا دیاری نەکراوە، بەلأم زانایان بیروڕایان وایە کە هەر کۆمەڵە مرۆڤێك بە بێ بوونی کولتورەکەی بوونی نامێنێت [٣٧] . وێرانکردنی ژینگە، جێگەو رێگە، سوێنەوارەکان، دێهات و خانووبەرە، جگە لەوەی دەبێتە هۆی فەوتاندن و شێواندنی ئەو کولتورە میللیەی کە هەبووە.

چوارەم : جینۆسایدی ئابوری (Genocide Economique) :

ئەم جۆرەی جینۆساید زۆر بە کەمی باس کراوە، بەلأم ئێمە باوەڕمان وایە کە برسی کردن و وێرانکردنی سەرچاوەکانی ژیانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك دەبێتە هۆی فەوتاندنی. جا چ داسەپاندنی گەمارۆی ئابوری، یا رێگەگرتن لە بەرهەمهێنان و خۆراك، ئەنجامی ترسناکیان هەیە بۆ پاشەرۆژی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە. چ بە زیاد بوونی نەخۆشی و زیاد بوونی رێژەی مردن یان ناچار بوون بە کۆچ و رەو کردن، کە لە ئەنجامدا ئەو کولتورو پێوەندییە خێزانی و کۆمەلأیەتیەی جاران نامێنێ و رەنگە رەوکردنەکە وابێت لە کۆمەڵگەیەکی تردا بە تێپەڕ بوونی رۆژگار رابردووی خۆیان لە دەست بدەن و بە تەواویی لە مێژوو و کولتوری خۆیان دابڕێن و لە کۆمەڵگەکەی تردا، لە رووی بیرو هۆشی رابردووەوە دەتوێنەوە.

بەندی ( ٥٥ ) ی پرۆتۆکۆلی یەکەمی ١٩٧٧ پاشبەندی رێککەوتننامەی ژنێڤ ژینگە دەپارێزێ و لە دژی وێرانکردنی ژینگەیە، چونگە مرۆڤ بە بێ ژینگەیکی لە بارو ئارام ناتوانێت بژێت، وێرانکردنی ژینگە سەرچاوە ئابوریو گرنگەکانی ژیان دەگرێتەوەو مرۆڤ دەربەدەر دەکات.

ئەنجامدانی هەر جۆرێك لەم جۆرانەی جینۆساید، واتە فەوتاندنی کۆمەڵێك لە مرۆڤایەتی، بۆیە جینۆساید وەکو تاوانێکی دڕندانە و ترسناك لە دژی مرۆڤایەتی لە یاسای نێو دەوڵەتاندا دیارە، هەر ئەو مەترسی‌یەش بووە هۆی ئەوەی کە تاوانباران چ راستەوخۆ ئەنجام دەربن، یا بەشدار بن، یان پلان دانەر بن، یا هاوکار بن، ئەوا بە تاوانکاری جینۆساید دەناسرێن و تێپەڕ بوونی رۆژگاریش نابێتە هۆی لێخۆشبوونی و دەربازبوونیان لە سزاو بەرپرسیارێتی، چونکە جینۆساید جیاوازە لە تاوانی دیکەو وەکو تاوانێکی نێونەتەوەیی هیچ کاتێك لێ خۆشبوونی لە سەر نی‌یە.

لێرەدا، دەبینین عیراق جگە لەوەی راستەوخۆ بەرپرسیارە لە تاوانەکانی دەرهەق بە گەلی کورد، بە کۆمەڵێك رێکەوتننامەو بەڵگەنامەو بە کرداریش بەشدارە لەگەڵ دەوڵەتانی تری داگیرکەری کوردستاندا بۆ لێدان وسەرکوتکردنی بزوتنەوەی کورد،لە

پێناوی ئەو مەبەستەشدا خەڵکی کوردستانیش بە خاوەنی ئەو بزوتنەوەیە دەزانن، بۆیە تاوانەکانیان کورد دەگرێتەوە وەکو ( میللەت ).

کێشەی تاوانی نێو نەتەوەیی، جا چ جینۆساید، یان تاوانەکانی جەنگ یاتاوانەکانی تری دژی مرۆڤایەتی لەم ساڵانەی دواییدا گرنگیەکی زۆری لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و لە یاسای نێودەوڵەتاندا پەیدا کرد. چارەسەریش بۆ ئەو کێشەیە مەسەلەی دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە دێنێتە پێش و دەسەپێنێت.

دەستێوەردان :

دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی وڵاتان، بە شێوەیەکی گشتی قەدەغە کراوە، بەڵام لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا، پێویستی دەستێوەردان خۆی دەسەپێنێت، یەکێك لەو حاڵەتانە، داکۆکی کردنە لە مرۆڤایەتی، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە دەوڵەتێك کەمینەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی دەچەوسێنێتەوەو ژیان وئازادی وماڵ و ماڵآتیان دەکەوێتە بەر هەڕەشەو مەترسی بە تایبەتیش مەترسی لە سەر بوونیان، دەستێوەردان بۆ رێزگرتنی ژیان و ئازادییەکانی مرۆڤ سەر بە هەر نەتەوەو گروپ و رەگەزو ئاینێك بێت [38] . لەم حاڵەتەدا دەستێوەردانی وڵاتانی تر لە کاروباری ئەو وڵاتە بۆ ئەو مەبەستە، بە جێگەیاندنی ئەرکێکە دەربارەی داکۆکی لە مرۆڤایەتی. دەستوری UN لە بەندی ( ١٤، ١٦ ) دا بڕیار دەدات کە ئەنجومەنی گشتی یا ئەنجومەنی ئاسایشی UN دەتوانن دەست بەکاربن بۆ هەر کارێکی پێویست بۆ چارەسەرکردن و بەلاداخستنی هەر کێشەیەك کە زیان بە خۆشگوزەرانی گشتیو پەیوەندی نێوان میللەتان دەگەیەنێت.

بەندی یەکەمی دەستوری UN ئامانجەکانی ئەو رێکخراوە وا دیاری دەکات کە بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێوان دەوڵەتان، دەستەی UN بڕیاری هاوبەش و یەکلاکەرەوە دەدات بۆ بەرگەگرتن و نەهێشتنی ئەو هۆکارو کردەوانەی کە هەڕەشە لە ئاشتی دەکەن، بە تایبەتیش هاوکاری نێوان دەوڵەتان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە نێو دەوڵەتیانەی کە خەسڵەتی ئابوری، کۆمەڵآیەتی، کولتوری و مرۆڤایەتیان هەیە بۆ جێگیرکردن و چەسپاندنی رێزی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکانی، بەبێ جیاوازی رەگەز لە نێوان پیاوو ئافرەتدا.

بەندی ( ٤٣ )ی دەستوری UN ئەوە دیاری دەکات کە سەرجەم ئەندامانی UN پەیمانی ئەوە دەدەن کە بەشدار بن لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتیدا، بۆ ئەو مەبەستەش بە گوێرەی رێککەوتن هەر هێزێکی چەکدارو یارمەتی و رێخۆشکردنێك پێویست بکات دەیخەنە کار.

دیارە کێشەی تاوانکاری و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی، لەو کیشە دیارو ترسناك و دیارانەن کە پەیوەندیان بە سەرجەم کۆمەڵی کرۆڤایەتیيەوە هەیە، هەر گەلێك، یان هەر گروپە مرۆڤێك لە هەر جێگایەکی جیهاندا بێت، بە بێ جیاوازی، مەترسی لە سەر ژیان و بونیان مەترسی یە لە مرۆڤایەتی، هەر تاوانێك بونیان بخاتە مەترسیيەوە، ئەوە تاوانە لە دژی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی.

کەواتە، هیچ حکومەتێك بۆ نییە بیانووی ئەوە بێنێتەوە کە ئەو کارانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەیدا ئەنجام دراون وەکو کاروباری ناوخۆ پێوەندن بە دەستورو یاساکانی ناوخۆی وڵاتەکەوە، بەتایبەتیش ئەگەر کێشە لە مەسەلەی مافی مرۆڤدا هاتە کایەوە. ئەگەرچی یاسای ناوخۆی دەوڵەت لە پێش یاسای نێو دەوڵەتانەوە پەیدا بووە چەنکە سەرەتا دەوڵەت هەبووەو قانون و دەستوری ناوخۆی هەبووە، ئەوسا پێوەندی نێوان دەوڵەتان دروست بووە. بەڵام ئەمە پاساوی ئەوە ناداتەوە کە لەم سەردەمی پێشکەوتنی شارستانیەتەدا هەموو رەفتارێکی دەزگاکانی ناوخۆی دەوڵەت وەکو کاری یاسایی و رەوای ناوخۆ سەیر بکرێن، کە زۆر جار رژێمێکی دیکتاتۆر ئابڵوقەیەکی تەواو دەخاتە سەر سەرجەم ئەو سیاسەتەی کە لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا پیادەی دەکات. بۆیە زۆر گرنگ و پێویستە چ یاساکانی ناوخۆی وڵاتان، چ سیاسەتی ناوخۆ لە مەسەلەی رێزگرتنی ماف و ئازادیيەکانی مرۆڤدا لە ژێر چاودێرییەکی بەردەوامی کۆمەڵگەی جیهانی و لایەنە بەرپرسەکاندا بن، تاکو رێگە لەو تاوانانە بگیرێت کە مەترسی لە سەر ژیان و کامەرانی مرۆڤایەتی دروست دەکەن، جا ئەو تاوانانە هەر جۆرێك بن.

دەبینین زۆر جار کێشەی ئابوری تاوانی گەورەی لێ دەبێتەوە. کاتێك حکومەتێك گەمارۆی ئابوری دەخاتە سەر هەرێمێکی چوارچێوەی دەوڵەتەکەی خۆی بۆ برسی کردن و دیلکردنی دانیشتوانی ئەو هەرێمە، ئەوا هەمان حکومەت، زۆر بە ئاسانی نەخشە دەکێشێت بۆ فەوتاندن و پەرتەوازە کردنی دانیشتووانی هەمان هەرێم. ئەمەش کارەساتێکی گەورە بۆ کۆمەڵە

مرۆڤێك دروست دەكات كە ژیانیان لە هەرەس و داتەپیندا دەبێت و مردنێكی لە سەرخۆ دەیانگرێتەوە. یانتاوانی رژێمێك بۆ فەوتاندنی تایبەتمەندی نەتەوەیی و سیما دیارەكانی ژیانی هەر كۆمەڵە مرۆڤێك،كە دەكرێ بە شێوەی فەوتاندنی فیزیكی، یان كولتوری، یان بیۆلۆژی، یان ئابوری ئەنجام بدرێت. ئەم تاوانانە كە بە جینۆساید لە یاسای نێو دەوڵەتاندا دیاری كراوە، هیچ بیانویەك ناهێڵێتەوە تا دەست نەخرێتە كاروباری ئەو دەوڵەتەوە، یەكەم بۆ راگرتنی، دووەم بۆ سزادانی تاوانباران، سێیەمیش بۆ نەهێشتنی كەرەسەكانی تاوانەكە، وەكو فەوتاندنی چەك و دام و دەزگای مەترسیدار كە هەڕەشە لە ژیان و بوونی مرۆڤ دەكەن.

پێویستە دەوڵەتانی دونیا پابەندێتی نێو نەتەوەیی لە رێزگرتنی بنەما ئیمپریمەتیڤەكانی یاسای نێودەوڵەتاندا بكەنە سەرچاوە بۆ جێبەجێكردنی ئەو ئەركانەی كە دەكەوێتە ئەستۆیان لە ریزگرتنی مافی مرۆڤدا.

پێشێلكردنی مافی مرۆڤ وەكو مەسەلەیەكی ناوخۆ سەیری ناكرێت، بەتایبەتیش تاوانی نێونەتەوەیی، جا چ جینۆساید بێت یان تاوانەكانی دیكە، زنجیرە هێرش و پەلاماری ئەنفالەكانیش وەكو دەركەوت پێشتر نەخشەی بۆ كێشرا بوو، بە قۆناغێكی سەخت لە سیاسەتی جینۆساید تەواوی خەسڵەتەكانی تاوانی نێونەتەوەییان پێوەیە.


سەرچاوەو پەراوێز :

١. الدكتور نوری طالباني :منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي. الطبعة الثانية، لندن، ١٩٩٩ ،ص ١٨.

٢. بەڵگەنامەیەكی رێكخراوی ئەمنیستیئینتەرناشناڵ، لەندەن، ١٩٩٥.

٣. پارێزەر نەژادی عەزیز سورمێ : كوردوجینۆسایدو ئیبادەكردن، هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٨٨، لا ٢٠٣ . ئەم كتێبە گەلێك زانیاری باشی تێدایە دەربارەی سیاسەتی عیراق لە پێش و لە سەردەمی ئەنفالەكاندا، بەڵام نووسەر بە هیچ جۆرێك باسی ئەو لێكۆڵینەوانەی نەكردووە كە پێش كارەكەی ئەو لە سەر جینۆساید بە زمانی كوردیبڵاوكراونەتەوە.

٤. كۆبوونەوەكانی عەلی حەسەن مەجید،وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە : عارف عومەر گوڵ، بڵاوكراوەی بێوار، رۆتەردام، ژمارە ١٨/ ١٩٨٨. بڕوانە كتێبی Genocide In Iraq بڵاوكراوەكانی میدل ئیست ووچ، ١٩٩٣ ، لا ٣٤٧. ئەم كتێبە لە دوای ئامادە كردنی ئەم لێكۆڵینەوەیە بە كوردی بڵاوكراوەتەوەو بروانە: جینۆساید لە عێراق ... وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە : سیامەندی موفتی زادە، لە بڵاوكراوەكانی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩.

٥. الابادة الجماعية فی العراق. حملة الانفال ضد الاكراد. تقرير ميدل ايست ووتش ١٩٩٣ .

٦. الوقائع العراقية : بغداد العدد ٣١٥٨ في ١٣/تموز/ ١٩٨٧.

٧. الملحقان((البروتوكولان )) الاضافيان الى اتفاقيات جنيف في ١٩٤٩/٨/١٢ ، اللجنة الدولية للصليب الاحمر، الطبعة الثانية، جنيف، ١٩٨٢، ص ٤٣.

٨. قرار جزب البعث العربي الاشتراكي،قيادة شعبة زاخو. العدد س/ش/ ٦٦٤ التاريخ ١٩٨٧/٦/١٤.

٩. گۆڤاری هەڵوێست، ژ٣، لەندەن، ١٩٧٨،لا ١٥٨.

١٠. بەڵگەنامەی UN ئەنجومەنی ئابوریو كۆمەڵایەتی .E/CN.4/1993/45 لا ٨٠ (دەقی روسی).

١١. زياد عبدالرحمن (نجم الدين فقی عبدالله) محرقة الموت ـ حملات الانفال على كردستان من خلال وثائق النظام العراقي. الطبعة الاولى، اربيل، ١٩٩٥، ص ١٢٥ـ ١٢٨ .

١٢. بەڵگەنامەی UN E/CN.4/1992/31 لا٧٣ ( دەقی روسی ).

١٣. بەڵگەنامەی UN ئەنجومەنی ئابوری وكۆمەڵایەتی E/CN.4/1993/45 لا ٨٠ (دەقی روسی ).

١٤. بەڵگەنامەی UNئەنجومەنی ئابوریو كۆمەڵایەتی .E/CN.4/1993/45 لا٨٤ (دەقی روسی) .

١٥. بەڵگەنامەی UN ئەنجومەنی ئابوری و كۆمەڵایەتی .E/CN.4/1993/45 لا٨٨ ( دەقی روسی).

١٦. محمد صالح توفيق ديدارێك لەگەڵ پيرەمێردێكی دەرباز بوو لە دۆزەخی ئەنفالی بەدناو، بيری نوێ، ژ١٧ ،حوزەيرانی ١٩٩٢ ، لا ١٧٤_ ١٧٧.
١٧. هەمان سەرچاوە : لا ١٨٣ .
١٨. عەبدولاَ كەريم محمود : چارەنوسێكی ناديار ، چەند ديمەنێك لە ئەنفالەكانەوە ، بلاَوكراوەی كۆميتەی بەرگری لە مافی قوربانيانی ئەنفالەكان، ١٩٩٣ ، لا ١٥_١٩ .
١٩. الدكتور نعيم اليافي :مجازر الارمن وموقف الراي العام العربي منها، الطبعة الاولى، اللاذقية، ١٩٩٢، ص ٣١.
٢٠. هەمان سەرچاوە : لا ٤٤
٢١. د. كەمال مەزهەر ئەحمەد : كوردستان لە ساڵەكانی شەڕی جيهانی يەكەمدا. چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد، بەغدا ١٩٧٥، لا ١٤٠ .
٢٢. جمال زەنگەنە :كردستان العراق – تلوث ام تخريب بيئي مقصود/ جريدة شرق الاوسط، العدد، ٥٥٧٥ ، في ٤/٣/ ١٩٩٤ .
٢٣. ياسای نێودەوڵەتان : كۆمەڵێك زانا بە سەرپەرشتی گ.تونكين، مۆسكۆ، ١٩٩٤، لا ٥٢ بە(زمانی روسی).
٢٤. ليو كوبر :مفهوم جريمة ابادة الاجناس وامكان تطبيقه على المذابح التى اقترفتها تركيا ضد الارمن في السنتين ( ١٩١٥_ ١٩١٦ ) بڕوانە : جريمة الصمت – جريمة ابادة الجنس الارمني – تاليف نخبة من الباحثين والعلماء. ترجمة : المهندسة هوري عزازيان، الطبعة الاولى، اللاذقية، ١٩٩٥ ،ص٢٣٣_٢٣٤.
٢٥. كورتەی فەرهەنگی سياسی : كۆمەڵێك زانا، مۆسكۆ ١٩٨٩، چاپی شەشەم، لا ١١٠ بە (زمانی روسی) .
٢٦. بۆ زياتر ئاشنابوون بە جينۆسايدو فاكتەكانی لە كوردستان بڕوانە كتێبێكی تايبەتی (نوسەر) بە ناوی ( جينۆسايدی گەلی كورد لە بەر رۆشنايی ياسای تازەی نێو دەوڵەتاندا، ئەمستردام، ١٩٩٧ ).
٢٧. الدكتور احسان هندي : مبادئ القانون الدولي العام في السلم والحرب، الطبعة الاولى، دمشق، ١٩٨٤، ص ٣٠٩.
٢٨. د. عصام العسلي : الشرعية الدولية، دمشق، ١٩٩٢، ص٦١.
٢٩. الملحقان (( البروتوكولان )) الاضافيان الى اتفاقيات جنيف في ١٢/اب/١٩٤٩: اللجنة الدولية للصليب الاحمر، الطبعة الثانية، جنيف، ١٩٨٢،ص١١
٣٠. هەمان سەرچاوە لا٩٥.
٣١. هەمان سەرچاوە لا١٠١_١٠٢.
٣٢. هەمان سەرچاوە لا ٤٣.
٣٣. ئەندريوخين م.ن : جينۆسايد – دڕندانەترين تاوان لە دژی مرۆڤايەتی. مۆسكۆ ١٩٦١ لا ١١٠ (بەزمانی روسی).
٣٤. د.جاسم توفيق :جينۆسايدی كورد مەسەلەيەكی ناوخۆيی نيە،گۆڤاری سياسەتی دەولی، ژمارە ٣ ساڵی ١ ، هەولێر، ١٩٩٢، لا٦_١٢ .
٣٥. ياسای نێودەلەتان لە بەڵگەنامەكاندا. دەقی پەيماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی قەدەغەكردنی جينۆسايد.مۆسكۆ، ١٩٨٢، لا ٣٣٢ ( بە زمانی روسی ).
٣٦. ئەندريوخين م.ن :جينۆسايد – دڕندانەترين تاوان لە دژی مرۆڤايەتی، مۆسكۆ ١٩٦١، لا ٨ ( بە زمانی روسی ).
٣٧. د. نوري طالباني :جريمة الابادة / مجلة القضاء، بغداد، العدد ٣/١٩٧٠، ص٧
٣٨. د.علي صادق ابو هيف :القانون الدولي العام، الطبعة الثانية العشرة، الاسكندرية، ١٩٧٥، ص٢١٤.

- كە دەڵێين، كەمينە يان كەمينەی نەتەوەيی مەرج نيە ئەوە گەل يان نەتەوە نەبێت،لەياسای نێودەوڵەتاندا، ئەو گەلانەی كە لە چوارچێوەی دەوڵەتێكدا دەژين، ميللەتێك يان گەلێكی تر دەسەلاَتدارێتی،ئەوا گەلانیتری ناوخۆ كە خاوەنی دەسەلاَت نين، هەر بە كەمينە باس دەكرێن، ديارە ئەمەش بەرژەوەندی و سياسەتی دەوڵەتانی دونيا دەوری بينيوە لەو پێناسەدا، ئەگەرنا زۆر جار گەلێك خاوەن دەسەلاَتە لە ولاَتێكدا بە ژمارە كەمترە لە گەلانی ناوخۆ كە دەسەلاَتيان بە دەستەوە نيە.

نوسینەوەی : عارف عومەر گوڵ

٢٠٠٠/١١/١٢

کاپێللا/ هۆڵەندا